**<u>ڕوونکردنەوەی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە پرۆسەی بەڕیوەچوونی دادگایی کردنی کەیسێک لە دادگای تاوانی سێی هەولێر</u>**

ڕێکەوتی ۲۱ی تەممووزی ۲۰۲۳ ریکخراوی کۆمیتەی بەرگری کردن لە رۆژنامەنووسان (CPJ) راپۆرتێکی بڵاوکردەوە دەربارەی دادگایی کردنی ڕۆژنامەنووس (شێروان شێروانی) لە راپۆرتەکەیدا تۆمەت ئاراستەی هەرێم دەکات لەسەر ڕێکارە یاساییەکان و پرۆسەی دادگایی کردنەکە.

نووسینگەی رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێم ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە کە ئەمەش دەقەکەیەتی:

دوای ئەوەی هەریەکە لە سزادراوان (ئەیاز کەرەم رەشید، هاریوان عیسا محمد، شێروان ئەمین نعو، شڤان سعید عمر، گوهدار محمدامین) داواکارییەکیان پێشکەش کرد بۆ پێدانی ئازادکردنی بە مەرج (افراج شرطي) لەدوای داواکارییەکەیان دەست بە ڕێکارەکان کرا بۆ پێدانی ئازادبوونی بەمەرج. دواتر سزادراو شێروان امین نعو داواکارییەکی پێشکێشی توێژەری کۆمەڵایەتی کرد بەناوی پێنج سزادراو بەمەبەستی ڕاگرتنی ئازاد کردنی بە مەرج (افراج شرطي) کە پێشتر سزادراوەکان داوایان کردبوو وە بۆ ئەم مەبەستەش پەنجەمۆریان کردووە.

توێژەری کۆمەڵایەتی داواکارییەکەی بەرزکردەوە بۆ بەڕێوەبەری چاکسازی گەوران، لەلای خۆیەوە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەوران ئەم داواکارییەی ناوبراوی ئاراستەی بەشی یاسا و داواکاری گشتی لە چاکسازییەکەی کرد سەبارەت بە پاشگەزبوونەوەیان لە داواکردنی ئازادبوونی بەمەرج.

هەردوو سزادراو (شڤان سعید عمر و گوهدار محمد امین) بێ ئاگایی خۆیان لەو داواکاری پەنجەمۆر راگەیاندووە واتە کەسی تر لەجیاتی ئەوان پەنجەمۆریان کردووە، بۆیە چاکسازی گەورانی هەولێر داوای کردووە کە رێکاری یاسایی بەرامبەر ئەو کەسانە بگیرێتە بەر کە ئەم کارەیان ئەنجامداوە.

دوای وردبینی لە کەیسەکە داواکاری گشتی بەپێی بەپرسیاریەتی و ئەرکی خۆی لە پاراستنی مافی گشتی رێکاری یاسایی ئەنجامداوە بەرامبەر ئەو کەسەی بەم کارە هەستاوە و داوای جوڵاندنی کەیسەکەی لە دادگای لێکۆڵینەوەی دەشتی هەولێر کردووە.

لە لێکۆڵینەوەی سەرەتایی لە دادگای لێکۆڵینەوەی دەشتی هەولێر نوێنەری یۆنامی، سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ، داواکاری گشتی و چەند پارێزەرێکی (شێروان شێروانی) ئامادە بوون، بەپێی ماددە

(٢٨٩-٢٩٨ ) لە یاسای سزای عێراقی ژمارە ( ١١١ )ی ساڵی ( ١٩٦٩ )ی هەموار کراو وتە (شێروان ئەمین نعو ناسراو بە شێروان شێروانی) وەرگیراوە.

بە پشتبەستن بە هەبوونی بەڵگەی پێویست دۆسیەکە ڕەوانەی دادگای تاوانی سێی هەولێر کراوە، دوای تەواوبوونی سەرجەم ڕێکارەکان تۆمەتی تەزویرکردن و بەکارهێنانی دەقی تەزویر کراو ئاڕاستەی گومانلێکراو (شێروان شێروانی) کرا.

دواتر دادگا گوێبیستی داواکاری و خواستی داواکاری گشتی لە دادگای تاوانی سێی هەولێر بوو و داوکرا کە پاڵپشت بە مادده ( ١٤٢ ) لە یاسای سزاکان وەسفی تاوانەکە لە ( ٢٩٨/٢٨٩ ) بکرێتە ( ٢٩٨/٢٩٥ )ی یاسای سزاکان و تۆمەتی ئاڕاستە کراوە.

بەڵگەی تاوان سەلمانوویەتی کە داواکاری پەشیمان بوونەوە بە دەست و خەتی (شێروان شێروانی) نووسراوە و پەنجەمۆری لەسەر ناوی (گوهدار محمد امین) کردووە واتە نووسراوی ئاسایی (محرر عادی) تەزویر کردووە و بەکاریشی هێناوە کەواتە تاوانی ئەنجامداوە و لە قۆناغی دادگایی کردنیش سەلمێندراوە، واتە (دلیل و قرینە) هەیە و بەپێی یاسای بنەمای سزایی ئیدانە دەکرێت.

پرۆسەی دادگایی کردنەکە لە ڕێکەوتی (٢٠ی تەمموزی ٢٠٢٣ بەڕێوەچوو و بڕیاردرا بە سزادانی (شێروان شێروان) بۆ ماوەی دوو ساڵ و شەش مانگ بەپێی ماددەی( ٢٩٥ ) لە یاسای سزادانی عێراقی بە تۆمەتی (تزویر المحررات العادیە)، هەروەها بۆ ماوەی یەک ساڵ و شەش مانگ بەپێی ماددەی( ٢٩٨ ) لە یاسای سزادانی عێراقی بە تۆمەتی (استعمال محرر مزور) سزادرا. واتە کۆی گشتی سزاکە چوار ساڵە و بڕیارەکەش لە روو ئاشکرا دەرچووە و قابیلی پێداچوونەوەیە.

بەپێی یاسا و بنەماکانی دادگای سزایی بریکاری لە نێوان سزادراوەکان و پەنجەمۆر کردن، یان واژوو کردنی هەر داواکارییەکی کەسێک لە جیاتی کەسێکی تر و پێشکەش کردنی ئەو داواکاریانە ڕێگا پێدراو نییە و دژ بە یاسایە.

نوسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان

٢٣ تەمموزی ٢٠٢٣